
| | |
|---|---|
| جێناوی پرس | ٥٨ |
| هاوەڵناوی پرس | ٦١ |
| هاوەڵکاری پرس | ٦٥ |
| ڕستەی لێکدراو | ٦٨ |
| ئامرازی پەیوەندی | ٧١ |
| ئامرازی دانەپاڵ | ٧٣ |
| بەشی ئەدەب | ٧٦ |
| وەرزی یەکەم | ٧٧ |
| ئەدەب | ٧٨ |
| جۆر و مەبەستەکانی هۆنراوە | ٨٢ |
| فۆلکلۆر چییە؟ | ٨٩ |
| داستان | ٩٢ |
| مێژوی داستان لە جیهاندا | ٩٣ |
| داستانی ڕۆژهەڵات | ٩٦ |
| | |

## دەستور

**ناو** لە ڕووی پێکهاتنەوە دەکرێت بە دوو جۆر:




### یەکەم

**ناوی سادە:** وشەیەکی واتاداری سەربەخۆیە، واتا و مەبەستێکی دیاریکراوی هەیە، وەک (کەو، بەرد، هەور، دەست...هتد).

### دووەم

**ناوی ناسادە:** دەکرێت بە دوو جۆر:

**أ- ناوی دارێژراو:** ناوێکە لە وشەیەکی واتادار لەگەڵ پێشگرێک یان پاشگرێک پێکهاتووە بەم شێوەیە:

١- ( **ناو + پاشگر** ) وەک (کوردستان، گوڵدان، شەرمین، جێگا...)

٢- ( **ڕەگی کار + پاشگر** ) وەک (زانا، ناڵە، نفیسەر، فرگە...)

## ڕاهێنان ٣

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١- ناوی (زێڕین) پێکهاتووە لە:

ئـ - ڕەگی کار+ پاشگر
ب- ناو + پاشگر
پ- هاوەڵناو + پاشگر
ت- پێشگر+ ناو + پاشگر

٢- (ماستاو) پێکهاتووە لە:

ئـ - هاوەڵناو + ڕەگی کار
ب- هاوەڵناو + ناو+ پاشگر
پ- ناو+ ناو
ت- ناو + ڕەگی کار

٣- (زانا) پێکهاتووە لە:

ئـ- ناو + ڕەگی کار
ب- ڕەگی کار + پاشگر
پ- پێشگر+ ناو
ت- هاوەڵکار + پاشگر

٤- (دۆتمام) ناوێکی لێکدراوە، پێکهاتووە لە:

ئـ- هاوەڵناو + ناو
ب- پێشگر + ناو
پ- ناو + ناو
ت- ناو + پاشگر

٥- (نەڕە) پێکهاتووە لە:

ئـ- ڕەگی کار + پاشگر
ب- ناو + پاشگر
پ- هاوەڵناو + ڕەگی کار
ت- پێشگر+ ڕەگی کار + پاشگر

٦- (قورئانخوێن) پێکهاتووە لە:

ئـ- هاوەڵکار + ڕەگی کار
ب- پێشگر + ڕەگی کار + پاشگر
پ- هاوەڵناو + ڕەگی کار
ت- ناو + ڕەگی کار

٧- (ڕۆژگار) پێکهاتووە لە:

ئـ- ناو + ڕەگی کار
ب- ناو + هاوەڵناو
پ- ناو + پاشگر
ت- هاوەڵکار + پاشگر

٨- ناوی (نەورۆز) بە چ شێوازێک دروستبووە؟

ئـ- هاوەڵناو + ناو
ب- ناو + ناو
پ- هاوەڵناو + پاشگر
ت- هاوەڵناو + هاوەڵناو

٩- کام لەم ناوانە لێکدراو نییە؟

ئـ- گوڵەهێرۆ
ب- کوردستان
پ- دەستەسڕ
ت- مێرگەسۆر

١٠- ناوێکە لە وشەیەکی واتادار لەگەڵ پێشگر یان پاشگرێک پێکهاتووە:

ئـ- سادە
ب- لێکدراو
پ- داڕێژراو
ت- هیچیان

## ڕاهێنان ٤

**لەم وشانە ناوی لێکدراو دروستبکە.**

( **گوڵ، ماڵ، سور، دار، زمان** )

**تێبینی**

**لـە چاوگــی (واوی) کــە نیشــانەی (وە) زیــاد دەکرێــت، بزوێنــی (وو) درێــژ کورتدەکرێتــەوە بــۆ (و)ی کــورت.**
**بـەڵام ئەگـەر کاری ڕابـردووی نزیک کۆتایـی بـە پیتـی نەبزوێنـی (ت، د) هاتبـوو، نیشــانەی (ووە) بەکاردێــت:**

دانیشت + ووە = دانیشتووە

خوێند + ووە = خوێندووە

لـە کرمانجیـی سـەروودا لەجیاتـی نیشـانەی (وە) نیشـانەی (یـە) بەکاربێـت وەک: لـە جیاتـی نیشـانەی (ووە) نیشـانەی (یـیە) بەکاردێـت.

هێنا + یە = هێنایە

نوسی + یە = نوسییە

دانیشت + ییە = دانیشتییە

خوێند + ییە = خوێندییە

**تێبینی**

**ئـەم چاوگانـەی کـە پاشـگری (ەوە)یـان پێوەیـە بـەم جـۆرە ڕابـردووی تەواویـان لێدروســتدەکرێت.**

ئـ- لابردنی نونی چاوگ.

ب- دانانی نیشانەی (ووە) لە شوێنی (ن)ی لابراو.

پ- دانانی ناوبەندی (ت) لە نێوان بزوێنەکان

خوێندنەوە    خوێند + ووە + ت + ەوە = خوێندووەتەوە

دۆزینەوە    دۆزی + وە + ت + ەوە = دۆزیوەتەوە

بۆ کاتی ئایندەش بە هۆی هاوەڵکارەکانی کاتی، وەک (لەمەودوا، بەیانی، سبەی، مانگێکی تر، ساڵێکی تر... ) دەردەکەوێت کە دەچنە پێش کاری ڕانەبردوو، وەک:

- ساڵێکی تر دەچم بۆ زانکۆ.
- سبەی تاقیکردنەوە ئەنجامدەدەن.

لە شێوەی کرمانجیی سەروودا کاری ڕانەبردووی بۆ دەمی ئێستا و ئایندە بە نیشانەی (د، دێ) جیادەکرێتەوە و بەم شێوەیە دروستدەکرێت.

### أ کاری ڕانەبردوو بۆ دەمی ئێستا

(د + ڕەگی کار + جێناوی لکاو )

د + کر + م = دکرم

د + چ + م = دچم

### ب کاری ڕانەبردوو بۆ دەمی ئایندە

دێ + ڕەگی کار + جێناوی لکاو

دێ + کر + م = دێ کرم

دێ + چـ + ین = دێ چین

**تێبینی**

**١- کاری ڕانەبردووی ئێستا و ئایندە بە ئامرازی (نا) دەکرێن بە نەرێ کە شوێنی نیشانەی (دە، د، دێ) دەگرێتەوە.**

دەکێلێت ⟵ ناکێلێت

دنڤیسن ⟵ نانڤیسن

٤- کاری ڕانەبردوو بۆ دەمی ئێستا لە کرمانجیی سەروو بەم شێوەیە دروستدەکرێت:

ئـ- د + ڕەگی کار + جێناوی لکاو
ب- دە + ڕابردووی نزیک
پ- دە + ڕەگی کار + جێناوی لکاو
ت- هیچیان

٥- کاری ڕانەبردووی دانانی بەم شێوەیە دروستدەکرێت:

ئـ- ب + ڕەگی کار + جێناوی لکاو
ب- دە + ڕابردووی نزیک
پ- دە + ڕەگی کار + جێناوی لکاو
ت- ڕابردووی نزیک + با

٦- کاری ڕانەبردووی دانانی دەکرێتە نەرێ بەهۆی نیشانەی:

ئـ- نە
ب- نی
پ- نا
ت- مە

٧- کاری ڕانەبردوو لە شێوەزاری کرمانجیی سەروو و خواروو دروستدەکرێت لە:

ئـ- قەد
ب- چاوگ
پ- ڕەگ
ت- هیچیان

٨- (ئەو دەهات بۆ کتێبخانە)، کاری ڕستەکە:

ئـ- ڕابردووی نزیک
ب- ڕانەبردوو بۆ دەمی ئێستا
پ- ڕانەبردوو بۆ دەمی ئایندە
ت- ڕابردووی بەردەوام

٩- کام لەم کارانەی ڕانەبردووە؟

ئـ- دەردەچووم
ب- دەردکەڤم
پ- دەردەکەوتم
ت- دچاند

## ڕاهێنان ٣

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١- کێ نەخۆشکەوت؟ (کێ) ئەرکی:

ئـ- بەرکارە　　ب- بکەرە

پ- نیهادە　　ت- گوزارە

٢- چ کەوتە خوارەوە؟ (چ) ئەرکی:

ئـ- بەرکارە　　ب- بکەرە

پ- نیهادە　　ت- دیارخەری ناوە

٣- دوێنێ کێت بینی؟ (کێ) ئەرکی:

ئـ- بەرکارە　　ب- تەواوکەری بەیاریدە

پ- نیهادە　　ت- بکەرە

٤- ناوت چییە؟ جێناوە پرسی(چی) ئەرکی:

ئـ- بەرکارە　　ب- بکەرە

پ- نیهادە　　ت- تەواوکەری کاری ناتەواو

٥- بۆ پرسیارکردن لە کەسێک بەکاردێت:

ئـ- کێ　　ب- چۆن

پ- کوێ　　ت- چەند

٦- کێ بینیرا؟ (کێ)ئەرکی:

ئـ- بەرکارە　　ب- بکەرە

پ- دیارخەری ناوە　　ت- جێگری بکەرە

٧- پێنوسی کێی بەکارهێنا؟ (کێ)ئەرکی چییە؟

ئـ- بەرکارە　　ب- بکەرە

پ- دیارخەری ناوە　　ت- هیچیان

## ڕاهێنان ١

وشـەی (چۆن) لـە دوو ڕسـتەدا بەکاربێنـە، لـە یەکەمیانـدا تەواوکـەری کارێکـی ناتـەواو بێـت و لـە دووەمیانـدا دیارخـەری نـاو بێـت.

## ڕاهێنان ٢

**وەڵامی ئەمانەی خوارەوە بدەوە.**

١- چ کاتێک هاوەڵناوی پرس پێویستی بە ئامرازی دانەپاڵ نابێت؟

٢- ئەم پەیڤانە کامانەن کە دەبنە هاوەڵناوی پرس؟

٣- نمونەی ڕستە بۆ ئەمانەی خوارەوە بهێنەوە.

ئـ- هاوەڵناوی پرس ببێتە دیارخەری ناو.

بـ- هاوەڵناوی پرس ببێتە تەواوکەری کاری ناتەواو.

## ڕاهێنان ٣

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١- (پێنوسێکی چۆنت کڕی؟) ئەرکی وشەی (چۆن) چییە؟

ئـ- بەرکارە ب- دیارخەرە

پ- تەواوکەری کاری ناتەواو ت- بکەرە

٢- کەی هاوەڵناوی پرس پێویستی بە ئامرازی دانەپاڵ دەبێت؟

ئـ- ئەگەر لە پێش ناوەکە هات ب- ئەگەر لە پاش ناوەکە هات

پ- ئەگەر ناوەکە کەوتبێتە نێوان هاوەڵناوەکە ت- (ت، ب) ڕاستن

٣- هاوەڵناوی پرسی(کیژان) بۆ پرسیارکردنە لە:

ئـ- کەسێک ب- شتێک

پ- کەسێک لە نێوان کۆمەڵە کەسێک ت- هەموویان

٤- کام لەم هاوەڵناوی پرسانە بۆ پرسیارکردنە لە ژمارە؟

ئـ- چۆن ب- کامە

پ- چ شتێک ت- چەند

## ڕاهێنان ٤

هێڵ بە ژێر داهاتووەکان شیبکەوە.

١- چەند ڕۆژنامە لە کوردستان دەردەچن؟

٢- کیهان کچ خوشکا تەیە؟

## ڕاهێنان ٣

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١- کەی، لە هەموو ڕستەیەکدا:

ئـ- هاوەڵناوی پرسە　　ب- هاوەڵکاری پرسە

پ- دیارخەری ناوە　　ت- جێناوی پرسە

٢- کەینێ زەنگی یەکەم لێدەدات؟ (کەینێ)

ئـ- هاوەڵناوی پرسە　　ب- هاوەڵکاری پرسە

پ- جێناوی پرسە　　ت- هیچیان

٣- کێهان کچ خوشکا تەیە؟ (کێهان):

ئـ- هاوەڵناوی پرسە　　ب- هاوەڵکاری پرسە

پ- دیارخەری ناوە　　ت- (ئـ - پ) ڕاستن

٤- تۆ پۆلی چەندەمیت؟ (چەندەم):

ئـ- هاوەڵناوی پرسە　　ب- هاوەڵکاری پرسە

پ- جێناوی پرسە　　ت- هیچیان

٥- هاوینان لەکوێ دەخەون؟ (لەکوێ):

ئـ- هاوەڵناوی پرسە　　ب- هاوەڵکاری پرسە

پ- جێناوی پرسە　　ت- هیچیان

٦- منداڵەکە چەند نوست؟ (چەند)

ئـ- هاوەڵناوی پرسە　　ب- هاوەڵکاری پرسە

پ- جێناوی پرسە　　ت- دیارخەری ناوە

## ڕاهێنان ٤

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١- شام شەکرە و وڵات شیرینترە. (و) ئامرازی:

ئـ- پەیوەندییە　　ب- لێکدەرە

پ- دانەپاڵە　　ت- پێناسینە

٢- یان برۆ یان دەرگاکە پێوەدە. (یان):

ئـ- جێناوە　　ب- ئامرازی لێکدەرە

پ- ئامرازی پەیوەندییە　　ت- ئامرازی دانەپاڵە

٣- دێ چیرۆکی خوێنم پاشی دێ نقم. (پاشی) ئامرازی:

ئـ- پەیوەندییە　　ب- لێکدەرە

پ- دانەپاڵە　　ت- بانگکردن

٤- دوو ڕستەی سادە بەهۆی چ ئامرازێکەوە دەدرێتە پاڵ یەکتر؟

ئـ- دانەپاڵە　　ب- پەیوەندییە

پ- لێکدەرە　　ت- هەموویان

٥- لە ڕستەی لێکدراودا بە هۆی چییەوە دەزانیت چەند ڕستەی سادە هەیە:

ئـ- بکەر　　ب- ئامراز

پ- کار　　ت- (ب، پ)ڕاستن

# ئامرازی پەیوەندی

١- کاروان دەچێت بۆ زاخۆ.
٢- سێڤ ژ دارێ وەرین.
٣- نەسرین تا ڕەواندزێ چوو.
٤- سەرهەنگ دەچێتە ئاکرێ.
٥- تە نامە ژبۆ وان نڤیسییە.
٦- ترێ هەتاکو پاییزێ دەمێنێت.
٧- کاوە لەگەڵ برادەرەکانی ڕاوەستاوە.
٨- هەژار دگەل مە دژییت.

## دەستور

**ئامرازی پەیوەندی:** ئەو ئامرازەیە کە لە ڕستەدا لەپێش ناوێک یان جێناوێک دێت بۆ پیشاندانی پەیوەندی نێوان ئەو ناوە یان ئەو جێناوە لەگەڵ وشەیەکی تری هەمان ڕستە.

**ئامرازەکانی پەیوەندی:**

(بۆ، بە، لە-دا، لە-را، لە-ەوە، ل-دا، ژ-ێ، ژ-را، د-دا، بە-دا، بە-ەوە، ب-دا، تا-ێ، وەك، بێ، ە، لەبۆ، ژبۆ، هەتا، هەتاکو، بەبێ، لەگەڵ، دگەل، لێ، تێ، پێ).

# ئامرازی دانەپاڵ

١- گوڵی باخەکە جوانە.
٢- برادەری ئێوە دڵسۆزە.
٣- ڕۆمانە نوێیەکەم خوێندەوە.
٤- بابێ ئازادی پێشمەرگەیە.
٥- دایکا نازدارێ پزیشکە.
٦- ل چیاییێت کوردستانێ بەفر دباریت.
٧- هەڤالێن مە هاتن.
٨- مرۆڤێد زیرەک سەردکەڤن.

## دەستور

**ئامرازی دانەپاڵ**: وشەیەکە، (ناوێک، جێناوێک، هاوەڵناوێک) دادەتە پاڵ ناوێکی تر .

١- ئامرازی دانەپاڵی (ی) ناوی نێر و مێ **تاک** و **کۆ** دەداتە پاڵ ناوێکی تر، یان **جێناوێک** یا **هاوەڵناوێک** لە شێوەزاری کرمانجیی خواروودا.

٢- ئامرازی دانەپاڵی (ە) هاوەڵناوی چۆنییەتی دەداتە پاڵ ناوی (**تاک** و کۆی ناسراو) بەڵام نیشانەی کۆ و ناسراوی دەچێتە دوای هاوەڵناوەکە.

٣- ئامرازی دانەپاڵی (ێ) ناوێک یان **جێناوێک** یان **هاوەڵناوێک** دەداتە پاڵ ناوی تاکی نێر لە شێوەزاری کرمانجیی سەروودا.

٤- ئامرازی دانەپاڵی (ا) ناوێک یان **جێناوێک** یان **هاوەڵناوێک** دەداتە پاڵ ناوی تاکی مێ لە شێوەزاری کرمانجیی سەروودا.

٥- ئامرازی دانەپاڵی (ێت- ێد- ێن) ناوێک یان جێناوێک یان **هاوەڵناوێک** دەداتە پاڵ ناوێکی کۆی نێر و مێ لە زاری کرمانجیی سەروودا.

## ڕاهێنان ٣

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١- (ێت، ێد، ێن) ئامرازی دانەپاڵن ناوێک یان جێناوێک یان هاوەڵناوێک دەداتە پاڵ ناوێکی:

ئـ- تاکی نێر
ب- تاکی مێ
پ- کۆی نێر و مێ
ت- هیچیان

٢- ئامرازی دانەپاڵی (ا) ناوێک یان جێناوێک یان هاوەڵناوێک دەداتە پاڵ ناوێکی:

ئـ- تاکی مێ
ب- کۆی نێر
پ- تاکی نێر
ت- (ب، پ) ڕاستن

٣- ئامرازی دانەپاڵی (ێ) ناوێک یان جێناوێک یان هاوەڵناوێک دەداتە پاڵ ناوێکی:

ئـ- ناوی کۆی نێر
ب- ناوی کۆی مێ
پ- ناوی تاکی مێ
ت- ناوی تاکی نێر

٤- (دارە وشکەکە بهێنە)، (ە) دوای ناوی دارەکە:

ئـ- ئامرازی پەیوەندییە
ب- ئامرازی دانەپاڵە
پ- ئامرازی لێکدەرە
ت- هەموویان

٥- (خەڵاتەکانی قوتابییان دابەشدەکەین)، (ی) دوای خەڵاتەکان:

ئـ- ئامرازی دانەپاڵە
ب- ئامرازی پەیوەندییە
پ- ئامرازی لێکدەرە
ت- (ب، پ)ڕاستن

ب- ئەدەب تۆماری بیرە پەسندەکانە.. واتە: لە هەموو سات و سەردەمێکدا دەقی ئەدەبی سەرکەوتوو ئەو دەقەیە، کە: پارێزگاری لە داب و نەریتی ڕەسەنی کۆمەڵگا دەکات و تێگەیشتنی جوانی نەتەوە بۆ گەردون و ژیان لەخۆدەگرێت، چونکە نەتەوە بەوە بە ئارامی دەژیت و سەرکەوتوو دەبێت و بەرەوپێش دەچێت.

پ- ئەدەب بریتییە لە ڕەنگدانەوەی باری ژیانی کۆمەڵگا، لە هەموو ڕووەکانی ئاینی و ئابوری و کۆمەلایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری و ...هتد.

## ئەدەب لەسەر چوار ڕەگەز دامەزراوە کە ئەمانەن:

١ **سۆز:** ئەو تین و شەوقەیە، کە لە دڵی ئەدیبدا بۆ کاریگەربوونی دەقە ئەدەبیەکەی دەخزێنرێتە ناو دەقەکەی، تا وایلێدێت، خوێنەر کە دەقی پڕ سۆز دەخوێنێتەوە، خۆی بۆ ناگیرێت و لە پرمەی گریان دەدات، یان زۆر کارتێکراو دەبێ بە دەقەکە و هەمیشە لەبیری دەمێنێتەوە.

٢ **بیر:** ئەو بیرەیە، کە ئەدیب دەیەوێت لە ناو دەقەکەیدا سەرکەوتنی بۆ زامن بکات و زاڵی بکات بەسەر بیرە هەڵە و تازەهاتووەکانی نێو کۆمەڵگاکەی.

٣ **ئەندێشە:** خەیاڵێکی تیژتێپەڕی پەنهانییە لە دڵی ئەدیبدا، بە هۆیەوەی وێنەی جوانی شیعر و دەربڕین دروستدەبێت و دەقی ئەدەبی بەهایەکی زۆرتر لە ئاخاوتنی ئەدەبی وەردەگرێت.

٤ **واتا:** کە مەبەستی ئەدیبە، لە ناو دەقی ئەدەبیدا بەئاشکرا هاتبێت، یان لەپشتی وێنە خوازەیی و وەسفییەکاندا حەشاردرابێت.

## مێژووی ئەدەب:

یەك لە سێ بەشەكانی زانستی ئەدەب (ئەدەبیاتناسی)یە، لەگەڵ (تیۆری ئەدەبی) و (ڕەخنەی ئەدەبی)، ئەدەبیاتناسی دروستدەكەن.
مێژووی ئەدەب زۆر گرنگە، چونكە:

ئـ ـ ئەگەر مێژووی ئەدەب نەبوایە، گەلێ بەرهەمی ئەدەبی شاعیر و ئەدیبان تێكەڵ دەبوون و خاوەنەكانی هەندێكیشیان هەر وندەبوون.

ب ـ لە ڕێگای مێژووی ئەدەبەوە، دەزانین شاعیر و ئەدیبە كۆنەكانمان، هەر یەكەیان كەی ژیاون؟ لە كوێ ژیاون؟ چەند ژیاون؟ لە چەند ساڵیدا دەستیان بە نوسین كردووە؟

پ ـ لە ڕێگای مێژووی ئەدەبدایە، دەزانین ڕەوتی بەرەوپێشهاتنی ئەدەبمان چۆن بووە؟ كام شاعیرە مامۆستایە و كامەیە لەدوای ئەو هاتووە؟ چۆن دەق و فۆڕمە ئەدەبیەكانمان بەرەوپێشهاتوون؟

## دابەشكردنی ئەدەب:

ئەدەب بۆ هۆنراوە و پەخشان دابەشدەكرێت.

### یەكەم

**هۆنراوە:**

هۆنراوە یان (شیعر) ئەو دەربڕین و نوسینە جوانەیە، كە ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەی هەیە:

ئـ ـ بە شێوەی كلاسیكی ـ ستونی، یان بە شێوەی نوێ و ئازاد دەنوسرێت و جۆرێك لە مۆسیقای تایبەتی هەیە..

ب ـ زیاتر بە وێنە بیری خۆی پێشكەشدەكات، نەوەك بە زمانی قسەی ئاسایی.

پ ـ ڕستە و دەربڕین و دەقەکانی کورتن، چونکە زۆر بە چڕی و پڕی دەقەکانیان بەرهەمدەهێنرێن.

ت ـ ڕەگەزە ئەدەبییەکان لە شیعردا دەرکەوتەی زۆرتریان هەیە، وەك لە پەخشان.

جـ ـ جۆری زۆرە وەك: بەیتی یەتیم، دوو بەیت، پارچە، غەزەل، قەسیدە، شیعری داستانی، شیعری ئازاد، چوارین، پێنجین، چوارخشتەکی، پێنج خشتەکی، ...هتد

## دووەم

**پەخشان:**

مەبەست لە پەخشان، دەقی ئەو تێکستانەن، کە ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەیان هەیە:

ئـ ـ ڕستە و دەربڕینەکانی درێژترن لە ڕستە و دەربڕینەکانی شیعر.

ب ـ گرنگی بە مۆسیقای ڕستە و دەربڕینەکانی نادات، بۆیە ڕستەی هەیە درێژە، هەیە زۆر درێژە، هەیشە کورتە، یان زۆر کورتە.

پ ـ جۆر و شێوەکانی زۆرن، لەوانە: هەقایەت، کورتە چیرۆك، کورتیلە چیرۆك، شانۆنامە، ڕۆمان، یاداشتنامە، وتاری ئەدەبی...هتد.



## وەلی دێوانە (١٧٤٥- ١٨٠١ز)

ئـــەوەی گومانـــی تێدا نییـــە ئەوەیە نازناوی شـــاعیر (وەلـــی دێوانە)یە لە ناو شـــیعریدا لەلای خەڵکی بـــەم ناوە ناسراوە. نـــاوی تەواوی بەڵگەیەکـــی باوەڕپێکراو بەدەســـتەوە نییە. ناوی لە ســـەرچاوەکاندا بـــە (میرزا محمـــد) و (ڕەزا کوێخا حەمە) و (وەلیـــد) هاتـــووە، گوایە ئەم نـــاوەی دوایی (وەلیـــد) ســـواوە و بچوککراوەتەوە و بووە بـــە (وەلی).

وەلـــی دێوانە لە ســـاڵی (١٧٤٥ز) لە ناوچەی (بەکراوا) لـــە هەڵەبجە لەدایکبووە و لە ســـاڵی (١٨٠١ز) کۆچی دواییکردوە و لە (گۆڕســـتانی ســـەید صـــادق) نێژراوە. لە تیرەی میکاییلـــی و لە خێڵی جافە، ئـــەو خێڵەی گەرمیان و کوێســـتانیان دەکرد، هەر لە منداڵییەوە شـــوان بـــووە، کە گەورەش بوو، خۆشەویســـتی و ئەڤینی (شەمســـە) یا (شـــەم)ی کەوتووەتە دڵەوە، ئەم خۆشەویســـتییە ســـەرچاوە و ئیلهامبەخشی شیعری وەلی بووە. وەلی دێوانە بە شـــێوەزاری گۆران شـــیعری نوســـیوە.

* تابلۆ: هونەرمەند ڕێبوار خالد



## مقداد مەدحەت بەدرخان

(مقداد مەدحەت بەدرخان) کوڕێ (میر بەدر خان)ە، بنەماڵەکەیان بە بنەماڵەی (ئازیزان) ناسراوە کە لە ساڵانی (١٥١٤ - ١٨٤٧ ز)دا لە میرەکانی میرنشینی (بۆتان) بوون، دراوێکی تایبەتی بە ناوی خۆی بۆ میرنشینی بۆتان دروستکردبوو. ئەم بنەماڵەیە ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو لە چاندنی هەستی نەتەوایەتی لە ناو میللەتی کورددا.

(مقداد مەدحەت بەدرخان) کاتێك هەستیپێکردووە کە میللەتی کورد پێویستی بە خەباتی ڕۆشنبیری هەیە، بە ئەرکی زانیوە کە ڕۆژنامەیەکی کوردی بڵاوبکاتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی سوڵتانەکانی عوسمانییەکان نەیاندەهێشت ڕۆژنامەنوس ئازادی هزر و بیری هەبێت لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا، مقداد مەدحەت ناچاربووە بۆ قاهیرەی پایتەختی میسر کۆچ بکات و ڕۆژنامەیەکی بەناوی (کوردستان) لەوێ دەربکات.

* تابلۆ: هونەرمەند ڕێبوار خالد

یەکەمین ڕۆژنامەی (کوردستان) لە (٢٢) ی نیسانی (١٨٩٨ز) لە قاهیرە دەرچووە. ئەم ڕۆژە دەبێتە گۆڕانکارییەکی گرنگ لە مێژوی میللەتی کورددا، لەم ڕۆژەدا وشەی کوردی لەگەڵ گولەی تفەنگی خەباتکەرەکان بوونەتە هاوسۆز و هاوکار.

سولتانی عوسمانی حەزیدەکرد ڕۆژنامەی کوردستان کە لەناو لانکەدا بوو لەناوبەرێت و تاکو پێنەگات و نەبێتە ڕۆژنامەی دایک و بەرهەمدار بێت، بەلام لاوەکانی بەدرخانییەکان لە هیوا و خواستەکانی سولتان بەهێزتربوون بۆیە توانیان درێژە بە بەردەوامی و بەدەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان بدەن. لە نێوان سالانی (١٨٩٨ – ١٩٠٢ز) (٣١) ژمارە لە چوار شاری جیاجیادا دەربکەن، هەر ژمارەیەکی (٢٠٠٠) دانەی لێچاپدەکرا و لە کوردستان بەسەر خەڵکدا بڵاویان دەکردەوە بەمەبەستی ڕۆشنبیرکردنی میللەتی کورد و گرنگیدان بە زمانی کوردی.

(مقداد مەدحەت) ژمارە (١ – ٥)ی لە قاهیرە دەرکرد. دوای ئەوەی توشی نەخۆشی بوو، سولتانی عوسمانی ناچاریکردووە بگەڕێتەوە ئەستەنبوڵ. برایە بچوکەکەی (عەبدولڕەحمان پاشا بەدرخان) ناچار بوو بەرەو (جنیف- سویسرا) بچێتو ڕۆژنامەی (کوردستان) ژمارە (٦- ١٩) لەوێ دەربکات، جارێکیتر گەڕایەوە میسر، ژمارە (٢٠ – ٢٣) لە قاهیرە دەرکردووە و ژمارە (٢٤)ی لە لەندەن دەرکردووە، ژمارە (٢٥ – ٢٩)ی لە (فۆلکستون) لە ئینگلتەرا دەرکردووە، ژمارە (٣٠ – ٣١) لە جنێف بڵاوکرانەوە کە دوا ژمارە بوون.

ئەو بابەتانەی کە ڕۆژنامەی کوردستان بە خۆیەوەی گرتوون (سیاسی، مێژویی، کۆمەلایەتی، ئاینی، ...هتد) بوون.




## مەستورەی ئەردەڵانی (١٨٠٥–١٨٤٨ز)

ماهشەرەف خانم ناسراو بە مەستورەی کوردستانی یان مەستورەی ئەردەڵانی ناسراوە، لە ساڵی (١٨٠٥ز) لە کاتی دەسەڵاتداریی (ئەمانوڵلاخانی والی)، لە بنەماڵەیەکی فەرهەنگ دۆستی قادرییەکان، لە شاری سنە لە دایکبووە. هەرلە منداڵییەوە لەلای باوکی فێری زمانی کوردی و فارسی و عەرەبی بوو، بە پێچەوانەی دابونەریتی ئەوکاتە کە کچ و ژن مافی خوێندنیان نەبوو، باوکی هاندەر و مامۆستای بوو، زۆری پێ نەچوو کە ئەم شۆڕە ژنە بەتوانا و بلیمەت و ماندونەناسە لە ناو جەرگەی ئەدەب و هونەردا دەرکەوت، چووە ناو ڕیزی شاعیران و نوسەرانەوە.

ماهشەرەف خانم کە نازناوی شیعری مەستورەی بۆخۆی هەڵبژارد، بە کەڵک وەرگرتن لە ئارەزو و هەستی سروشتی خۆی بە فارسی و کوردی شیعری هۆنیوەتەوە. مەستورە توانیویەتی لە قاڵبی قەسیدە و غەزەلدا لەگەڵ شاعیران و نوسەرانی کاتی خۆی هاتوچۆ و شیعر گۆڕینەوەی هەبێت، لەگەڵ

---

* تابلۆ: هونەرمەند ڕێبوار خالد

هەندێکیشـــیاندا شــەڕە شــیعری هەبوو. هەروەها مەســـتورە خانم لە مێژونوسیندا توانیویەتـــی پـــێ بە پێی مێژونوســـان بڕواتە پێشـــەوە و خۆی نیشـــانبدا.

مەســـتورە لە ســـاڵی (١٨٢٨ز) بە زۆر و گوشـــار لە خوسرەوخان کوڕی ئەمانوڵاخانی گـــەورە مـــارە دەکرێت. میـــرزا عەلـــی ئەکبەر مونشـــی لەم بـــارەوە دەنوســـێت: ((مەســـتورە چونکـــە خـــۆی هاوپلە و پایـــەی پیاوانـــی زەمانی خـــۆی دەزانی، لەم شـــوکردنە ناڕازیی بوو و نەی دەویســـت ســـەربگرێت)). خوسرەوخان، باوک و باپیری و چەنـــد کەسێک لـــە بنەماڵەکەیان دەگرێـــت و دەیانخاتـــە بەندیخانە، گوشـــاری خســـتوەتە ســـەر ئەبولحســـین بـــەگ و سی هـــەزار تمەنی لێدەســـتێنێ، شـــەرتی ئازادکردنـــی بنەماڵەکـــەی ئەوە بـــووە کە مەســـتورە ڕازی بێت بەو هاوســـەرگیرییە، ماهشـــەرەف خانـــم تەنیـــا ڕێگەیەکی لـــە بەردەمـــدا مابـــووە خـــۆ بەختکردن و قبوڵکردنی هاوســـەرگیری لـــە گـــەڵ خوسرەوخاندا بوو.

مەســـتورە زۆربەی کاتی خـــۆی بە خوێندنـــەوە و هۆنینەوە و مێژو نوســـین تەرخان دەکـــرد، لەبەرئـــەوەی خوسرەوخـــان خۆی شـــاعیر بوو مەســـتورەی بۆ ئـــەم کارە هانـــدەدا و یاریـــدەری بـــوو، تا هێـــدی هێدی دڵی مەســـتورەی بە دەســـت هێنا و خۆشەویســـتیی خوسرەوخان لە دڵی مەســـتورەدا جێی خۆیکردەوە. ڕۆژانی خۆشـــی و کامەرانـــی مەســـتورە زۆری نەخایاند. خوسرەوخـــان لە تەمەنی گەنجیدا توشـــی نەخۆشـــی جەرگ بـــوو و دوای دوو مانگ لـــە تەمەنـــی(٢٩) ســـاڵیدا ماڵئاوایی لە دونیا کرد. وە بە هێرشـــی دەوڵەت بۆ شـــاری ســـنە و قۆڵبەســـتکردنی ڕەزاقولیخان کـــوڕی خوسرەوخـــان بنەماڵـــەی مەســـتورە لەســـاڵی(١٢٦٣کۆچی) بـــە ناچاریی ڕوویـــان کردە ئەماراتی بابان، لە شـــاری ســـلێمانی نیشـــتەجێبوون.

هەندێکیـــش بیر و ڕایـــان وایە هۆی ئەوەی کە نالی (شـــاعیری گـــەورەی کورد) لـــە غەزەلێکدا هەجوی مەســـتورەی کردووە کـــە بەم بەیتە دەســـتپێدەکات:

مەســـتورە کـــە حەســـناو ئەدیبـــە بە حیســـابێ

هاتـــە خەوم ئەمشـــەو بـــە چ نازێـــك و عیتابێ

نالـــی لـــەم هەجوە مەبەســـتی ئـــەوە بـــووە کە مەســـتورە بـــە کوردی شـــیعری نەگوتـــووە، بەم جـــۆرە گەرەکی بووە کـــە لە حورمـــەت و ڕێزی ئەو کـــەم بکاتەوە، بـــەڵام بـــە پێچەوانەوە ئەو شـــیعرە بـــوو بە هـــۆی ئەوە کـــە مەســـتورە زووتر لە نـــاو کۆمەڵـــگادا بناسرێت. پێویســـتە ئامـــاژە بەوەش بکەین کە شـــاعیر و نوســـەر (حســـێن بەفرین) لەســـاڵی (٢٠٢٠ز) دیوانی نالی چاپکردووە و ئامـــاژە بەوە دەکات کە شـــیعری مەســـتورەکەی نالی، هـــی نالی نییە و بەنـــاوی ئـــەوەوە بڵاوکراوەتەوە. هەروەهـــا هیـــوا محەمـــەدی بۆچوونی وایە کـــە حەبیبەکـــەی نالـــی بریتی بووە لە مەســـتورە و نالی حـــەزی لێکـــردووە و ئەو هەموو شـــیعرەی بۆ گوتـــووە، بەڵام لەئەنجامـــدا بۆ نالـــی نەبووە.

مەســـتورە لە زمانی فارســـیدا هونەر و بەهرەی خۆی نیشـــاندا و توانی شـــوێن پێی خـــۆی لە ناو شـــاعیران بکاتەوە. شـــاعیر (ئەحمەد بەگی کۆماســـی) وەســـفی مەســـتورەی کـــردووە و لەدێرێکدا دەڵێ:

مەســـتورەو فـــەردش وێنـــەی گەوهـــەرەن
نـــە موڵـــك عەفـــاف ئـــەو چـــوون جەوهەرەن

لـــە کۆتاییەکانـــی تەمەنی مەســـتورە توشـــی نەخۆشـــی تاعون بوو، لەســـاڵی (١٨٤٨ز) دڵـــی ئەویـــنداری لـــە تریە کـــەوت و لە گردی ســـەیوانی نزیکی شـــاری ســـلێمانی بەخاك ســـپێردراوە، تا ئێســـتاش گڵکۆی ئەو ژنە بلیمەت و ماند و نەناســـە جێـــی ئەویـــنداران و لایەنگرانـــی هونەر و ئەدەبـــە، هەروەها لەکۆتاییدا پێویســـتە ئامـــاژە بەوە بکەیـــن پەیکەری مەســـتورەی ئەردەڵانـــی لەلایەن هـــادی زیائەدین دروســـتکراوە و ئێســـتا لە شـــاری هەولێر لە پارکی ســـامی عەبدولرەحمان دانراوە.

بەرهەمەکانی مەستورەی ئەردەڵانی:

١ـ دیوانی مەستورەی ئەردەڵانی، کەزۆربەی شیعرەکانی فارسی بووە، هەندێک لە لێکۆڵەران لایان وایە شیعرەکانی بەزمانی کوردی کە دیوانێک پێکدەهێنن فەوتاوە.

٢ـ کتێبی مێژوی ئەردەڵان.

٣ـ کتێبی عەقاید.

نمونەیەک لە شیعری مەستورە:

گرفتارم بە نازی چاوەکانی مەستی فەننانت
بریندارم بە تیری سینە سنوری نێشی موژگانت

## لێکدانەوەی وشەکان

| وشە | واتاکەی |
|---|---|
| هۆنینەوەی شیعر | دانان و نوسینەوەی شیعر |
| هەجو | داشۆرین |
| قۆڵبەستکردن | دستگیرکردن |
| گڵکۆ | مەنزڵگە، قەبر(گۆڕ) |

## گفتوگۆ

١- مەستورە ناوی چیە؟ کەی و لە کوێ لە دایکبووە؟

٢- مەستورە بە زمانێک شیعری هۆنیوەتەوە؟

٣- بۆچی مەستورە ڕووی کردە ئەمارەتی بابان؟

٤- مەستورە زۆربەی کاتەکانی خۆی بەچی تەرخاندەکرد؟

٥- بەرهەمەکانی مەستورەی ئەردەڵانی کامانەن؟

ئێران خـــۆی بۆ نەگیرایــــەوە چادر و بـــارەگا و نـــان و خوانی پوخـــت و تەمیزیان بەجێهێشـــت و ئەحمەد پاشا بە لەشـــکرەکەیەوە ئەو شــــەو میوانی دوانزە سوار بوون لەســــەر خوانی بەجێماوی لەشـــکری شـــکاو و ڕاکردووی ئێران.

## لێکدانەوەی وشەکان

| وشە | واتاکەی |
|---|---|
| شیر | شمشێر |
| دیوان | دیوەخان |
| نەعرەت | بانگ، گوڕە، ناڕەتە |
| نەقارە | تەپڵی گەورە، دەهۆڵ |
| قەڵۆز | هەڵدێر، شوێنی زۆر لێژ |
| ئاوزەنگ | دوو ئاسنە بە ڕاست و چەپی زینی ئەسپەوە، سوار پێی تێدەخات |

## گفتوگۆ

١- ئەحمەد پاشا بە چی بەناوبانگ بوو؟

٢- هــــەردوو کوێخای بەکـــراوا و گوڵعەنبەر بۆ چ مەبەســـتێك هاتن بـــۆ لای ئەحمەد پا شا ؟

٣- ئەو پیاوانە کامانە بوون کە سەلیم بەگ ناردی بە شوێنیان؟

٤- ســــەلیم بــــەگ و ئەکـــرەم بۆ هێرشـــکردنە ســــەر لەشـــکری ئێران لەســــەر چی پێکها تن ؟

٥- بەهۆی چییەوە پەرتەوازە کەوتە ناو لەشکری ئێرانەوە؟



## ڕەوانـدز

مێژوی ڕواندز دەگەڕێتەوە بۆ ســاڵانی پێش دروســت بوونی میرنیشــینی سۆران، لەسەرەتاکانی سەدەی شــازدەیەم لە ماوەی فەرمانڕەوایی میرنیشنی سۆران (ڕواندز) یەکێــك بوو لــە پایتەختی ئەم میرنشــینە کە لە ســەرەتای ســاڵانی (١٨٠٠ز) (میر محمد)کە ناسراوە بە پاشــای گەورە (ڕوانــدز)ی کرد بە پایتەختی میرنیشــینەکەی.

دەســەڵاتی ئەم میرنشینە لەســەر دەمی (میر محمد) گەیشــتە ئەو پەڕی هێز و توانا تا ســالی (١٨٣٦ز) کە کۆتایی بە میرنیشــینەکە هات لەســەردەمی عوســمانییەکان و ســەرەتاکانی ســەدەی بیســتەم تا ســاڵی (١٩٨٠ز) چەندین قائمقام ئیــدارەی ئەم شارەیان بەڕێوبردووە.

ڕوانــدز لەســەر ئاســتی دەریــاوە بەرزییەکــەی( ٧٠٦) پانییەکــەی( ٣٦,٠٧,٠٣) و درێژییەکــەی ( ٤٤،٣١،٥٧) دەرجەیــە وە بەرزییەکــەی لە شــوێنیك بۆ شــوێنیکی تر دەگۆڕێت بــە هۆی بــەرزی و نزمی شــارەکە.

- زەویەکانــی ســنوری قەزای ڕوانــدز لەنێوان چیــاکان دایە نیمچە شــاخاوین وە زەوییــەکان بچوك بچوکــن گەورەترینیــان لە (٤٠) دۆنــم تێپەر ناکات کە شــیاون بۆ چاندن، ڕووبــەری زەوی دێمــی(٢٥٥١١) دۆنمە، هەروەها ڕووبــەری زەوی ئاوی

(٢٠٧٠٧) دۆنمـــە، زەوییەکانی زیاتر (گڵە ســـۆرن و بەشـــێکی تێکەڵاوە).
سنوری قەزای ڕواندز بەم شێوەیە :
(لەلای باکور ڕۆژهەڵات قەزای سۆران، لـــەلای بــــاشور قـــەزای رانیـــە، لـەلای ڕۆژهـــــەلات قــەزای چۆمان، لـەلای ڕۆژئاوا نـــاحیەی خـەلیفان).
ڕوانـــدز بەبەرهەمهێنانـــی هەموو جۆرەکانی تـــریێ بەناوبانگە، (گەنم،جۆ، نیســـك و نـــۆك) بە زســـتانان لێدەچێنرێـــت وە بەروبومی هاوینەشـــی وەك (باميـــە، تەماتە، باينجان، كـــودی، خەيار، بيبـــەر و ســـەوزەواتی ) لێدەچێنرێت .
(هەنار ، هەنجير ، ســـێو، هەرمی، خۆخ، عەلوكە، قەيســـی، باوی، گوێـــز ، دار بەڕوو و دار چنار).

## لێکدانەوەی وشەکان

| وشە | واتاکەی |
|---|---|
| فەرمانڕەوا | کاربەدەست |
| دۆنم | یەکەیە بۆ پێوانەی زەوی بەکاردێت دەکاتە ٢٥٠٠م زەوی |
| زەوی دێمی | ئەو زەوییە ئاودانی ناوێت |

## گفتوگۆ

١- مێژوی ڕواندز بۆ چ سەردەمێک دەگەڕێتەوە؟
٢- کام میرنیشن فەرمانڕەوایی دەکرد؟
٣- بەرزییەکەی لە ئاستی ڕووی دەریا چەندە؟
٤- شێوەی زەوییەکانی چۆنن؟
٥- بە چ بەرهەمێک بەناو بانگە؟

## سەرچاوەکانی هەردوو بەشی ڕێزمان و ئەدەب


١- الاسطورة والتاريخ فى التراث الشرقى القديم.

٢- باغێ کوردا - دیوانی ئەحمەدێ نالبەند - کۆمکردن و تویژاندنا گە مائی.

٣- دیوانی پیرەمێرد - محمد رسول هاوار.

٤- دیوانی حاجی قادری کۆیی لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی سەردار حمید میران و کریم شارەزا.

٥- دیوانی گۆران - چاپی (١٩٨٠)- بەغدا.

٦- دیوانی دیلان - (١٩٦٩).

٧- دیلان شاعیرو ئازادیخواز - (١٩٨١) دڵشاد عەلی.

٨- دەستور زبان پێنج استاد - رشید یاسمی و هاوڕێکانی - بە فارسی.

٩- دستور زبان فارسی - دکتور نادر و زین پور.

١٠- ڕێزمانی کوردی - جێناو- د. ئاو ڕەحمانی حاجی مارف.

١١- ڕێزمانی کوردی - ئاوەلکردار - د. ئاو ڕەحمانی حاجی مارف.

١٢- ڕێزمانی کوردی- نوری علی امین.

١٣- ڕێزمانی کوردی- صادق بهاء الدین.

١٤- زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی سێیەمی ناوەندی - د. عزالدین مستەفا رسول و هاوڕێکانی.

١٥- کاروانی شیعری نوێی کوردی - (١٩٧٨) - کاکەی فەللاح.

١٦- مێژوی ئەدەبی کوردی (٢٠٠٢) د. مارف خەزنەدار، بەرگی یەکەم و دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

